کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-10-2007 1:08 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**یاریزانێکی پێشووی یانەی سلێمانی دڵی لە لێدان کەوت ... ئەنور خەراجیانی**

بە ناوی گشت وەرزشکارێکی کوردەوە و بە تایبەتی یانەی سلێمانی پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خێزان و بنەماڵەی یاریزانی پێشووی یانەی سلێمانی دەکەین کە لە یەکەم ڕۆژی جەژن لە ناو خێزان و ماڵی خۆیدا کۆچی دوایکرد یاریزانی جوانەمەرگ ناوی (محمد تۆفیق جەعفەر) کە ناسراوە بە حمودی لە ساڵی 1969 لە شاری هەڵەبجەی شەهید لە دایك بووە، حمودی خێزان دارەو سێ کوڕی جوانی هەیە لە وولاتی سوید دەژی لە شاری مالمۆ



حمودی بۆ ماوەی دوو ساڵ یاریزان و ڕاهێنەری گروپێکی کوردی بووە لە شاری مالمۆ، حمودی هاندەری یانەی ڕیاڵ مەدرید بوو زۆر حەزی بە بینینی یاری دەکرد هەموو جارێك دەی گوت خۆزگە منداڵەکانم لە داهاتوودا ببونایە بە یاریزانێکی باش و لە یەکێك لە یانەکانی ئەوروپا یاریان بکردایە و خەونی پیوە دەبینی بەڵام بە داخەوە بە هۆی نەخۆشیەکی کوشندە (شیر پەنجە) کە ماوەیەکی زۆرە دەناڵێنێت پیوەیەی ئەمڕۆ بەرواری 12 / 10 / 2007 لە لەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان کۆچی دوایکرد داوکارین لە یەزدانی مەزن جێگای بەهەشتی پێسپێرێت و خوا سەبووری بە خێزان و بنەماڵەکەی بداتەوە، حمودی برای ڕاهێنەری پێشووی یانەی پێشمەرگە یە کاك جەعفەر کە ماوەیەك لەمەوبەر ڕاهێنەری یانەی پۆلیسی سلێمانی بوو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.